# وەبیرهێنانەوەیەك

# بۆ بەڕێز د. بەرهەم ساڵح، سەرۆکی وەزیران لە سلێمانی

مەهاباد قەرەداغی

کە هاوینی ساڵی ٢٠٠١ دوای دەساڵ دووری سەرم لەو شارە دایەوە کە هەمیشە سنگی شاخەکانی قەڵغانی پارستنی باشووری کوردستان بووە و سنگی رۆڵەکانی قەڵغانی پاراستنی ئێوە بووە، نە شارەکە و نە خەڵکی شارەکەم ناسییەوە. کفری دەتگووت کەلاوەیەکە و لەپاش بوومەلەرزە بەجێماوە، خەڵکەکەشی لەبەر بێکاری و بێدەرامەتی و بێزاری دەتگووت گۆڕەوشار دراون.

لاوانی کفری بۆ بەخێرهێنانەوە هاتن بۆ لام، رۆشنبیران و ژنان و هەندێ لە بەرپرسەکانیش بۆ هەمان مەبەست هاتن و لە بارودۆخی شارەکە و خەڵکی شارەکەم دەپرسی. بەلاّم ئەفسوس هەموویان پارچەیەک بوون لە سکالاّ و لە دەربڕینی بێزاری لەو فەرامۆشکردنە بێئەندازەیەی کە حکومەتەکەتان بەرامبەر بەو شارە و بە خەڵکی ئەو شارە دەیکات.

لاوەکان چەند داخوازییەکی زۆر چکۆلەیان هەبوو، نەیاندەزانی چۆن ئەو داخوازییانە بگەیەننە ئێوەی حکومەت. بەڵێنم پێدان کە داخوازیەکانی ئەوان و بارودۆخی شارەکە بە گشتی بە حکومەتی سلێمانی بگەیەنم و، بۆ ئەو مەبەستە ئەگەر بیرتان مابێ سەردانم کردن و ئەگەر بیریشتان نەمابێ وا دووبارە باورودۆخی ئەو شارەتان وەبیردەهێنمەوە.

من لە چاوەڕوانی ئەوەدا بووم بەڵێنەکەتان بێننە دی و ئەو شارە و خەڵکی ئەو شارەش وەک هەر شارێکی تری بایەخپێدراو بەسەر بکەنەوە. چاوەڕێ بووم هەواڵی چاککردنەوەی قەیسەرییە رووخاوەکەی کفری ببیستم. چاوەڕێ بووم ئەو سووکەداخوازییانەی کە لاوەکانی شاری کفری هەیانبوو وەلاّم بدرێنەوە. چاوەڕێ بووم کار و ژیانێکی تا رادەیەک ئاسوودە بۆ ئەو خەڵکە بێکار و هەژار و نائاسوودەیە دابین بکەن. بەلاّم پێچەوانەی ئەمانەم بیست و خوێندەوە. تکایە تەنها دە خولەک لە کاتی خۆت ببەخشە و لە ژمارە ١٠٥ی هەفتەنامەی هاولاّتی کە لە ٦ی یەنیوەری ٢٠٠٣دا دەرچووە بابەتێک لەسەر لاوانی شاری کفری بخوێنەرەوە و ئاکامی ئەو فەرامۆشکردنەی حکومەتی سلێمانی بۆ ئەو شارە بە چاوی خۆت لە دەمی لاوانی ئەو شارە خۆیانەوە ببینە.

یەکێک لەو خەسڵەتانەی کە هەمیشە جێگەی شانازی ئەو شارە بوو، نەبەردی و نیشتیمانپەروەری و گیانی لەخۆبووردوویی خەڵکەکەی بووە، ئێستا ٣٠٠ تا ٣٥٠ لاوی خوێنگەرمی ئەو شارە لە پێناوی مووچەیەکدا کە ئێوە نەتانتوانی بۆیان مسۆگەربکەن دەبن بە موقاتیلی حیزبە تورکمانیەکانی سەر بە رژێمی داگیرکەری تورکیا. بێگومان دەزانن (مقاتل) ی حیزبەکانی سەر بە تورکیا دەیانەوێ (قتل) ی کێ بکەن!!

بەڕێزم. من تکا ناکەم کە ئاورێکی بەزەییئامێز لەو شارە و خەڵکی ئەو شارە بدەنەوە، چونکە ئەوان جێگەی بەزەیی نین، بەڵکە مافی خۆیانە لە داهاتی کوردستان بەشیان هەبێ و کاریان بۆ دابین بکرێت و شارەکە ئاوەدان بکرێتەوە، چونکە مسۆگەرکردنی ژیانی خەڵکی ئەو دەڤەرەی ئێوە حوکمڕانی دەکەن لە ئەستۆی ئێوەیە و دەبێت هاولاّتیانی هەموو شارەکان وەک یەک تەماشا بکرێن و وەک یەک بەهرە داهاتی ولاّتەکەیان وەربگرن و ئاوەدانکردنەوە هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستان بگرێتەوە. من نامەوێ تکاتان لێبکەم، بەڵکە من دەمەوێ حکومەتەکەتان

لەو کارەساتە ئاگادارکەمەوە کە لە ئایندەیەکی نزیکدا بەهۆی بەگشتیبوونی دیاردەی چەکدارکردنی لاوانی شارە فەرامۆشکراوەکان لە لایەن هێزە داگیرکەرەکانەوە دەبێتە کێشەیەک بۆ ئاسایشی وڵاتەکەمان و دەیشێوێنێ.

ئەگەرچی ئێستا تەنها ٣٥٠ لاوی کفری و ڕەنگە لە شارە فەرامۆشکراوەکانی تریشدا هەر هێندەی ئەو ژمارەیە خەڵکی بێدەرەتان شانی خۆیان بەکرێدابێ بە حیزبەکانی تورکیای داگیرکەر و حیزبە ئیسلامییەکان، بەڵام چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە ئەمڕۆ ئاسانە و ئێوە دەتوانن هەر لەو بڕەپارەیەی کە (نەوت بەرامبەر بە خۆراک) بە کوردی ڕەوا زانیووە، بەشی خۆیانیان تیا مەسرەفکەن و کار و مووچەیان بۆ دابین بکەن.

لە کۆتایی دا خوازیارم ئەوەش وەبیربهێنمەوە کە لە سبەینێدا ئەمڕۆ دەبێتە مێژوو. ئەمڕۆ بەڕێزتان وەکو سەرۆکی حکومەتی ئەو دەڤەرە لە ڕەنگاندنی مێژوویەکدا بەشداری سەرەکین، هیوادارم بۆ ئەو مەبەستە ڕەنگی پرشنگدار هەڵبژێرن.

لەگەڵ چاوەڕوانی و چاودێریمدا

٢٠٠٣-١-٩

www.kurdistannet.org کوردستان نێت